# بەشی سێیەم: زمان

# بەشی سێیەم: زمان

## زمان و گرینگی زمان

ـ بەردی بناغەی کۆمەڵە و ڕۆڵێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤ دەگێریٚ ، چونکە ئەو ئامرازەیە بە هۆیەوە رۆژانە بە هەزاران کەس پەیوەندی لە گەڵ یەکترِدا دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لە چۆنیەتی کارکردنی ئەو کەرەسەیە بکەنەوە

ـ زمان مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە

. لەمێژەوە سەرنجی زمانەوان و فەیلەسوف و دەروونناس و کۆمەڵناس و .....هتد ڕاکێشاوە ، بۆیە هەر شارەزایەك لە چوار چێوەی بابەتەکەی خۆی پێناسەی کردووە ئەمەش وایکردووە چەندین پێناسە بۆ زمان بێتە ئاراوە لەوانە :-

**(مارتنێت)** دەڵێت: (زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، لە چەند دانەیەکی بچووك پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەن واتای خۆیانن).

**(هنری سویت)** دەڵێت: (( زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ کە لە وشە پێك دێت )).

**(بارك و تراگەر)** دەڵێن: زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لە خۆوە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێت هەرەوەزی بکات.

**(چۆمسکی)** دەڵێت : (( زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ، ڕێزمان دەریان دەکات )).

(زمان پەیڕەوە، ئەگەر خاوەن پەیڕەوێکی تایبەتی نەبێت،کەس ناتوانێت فێریببێت )

کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانە ((زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندیکردن و لەیەکتر تێگەیشتنی مرۆڤە)).

# تایبەتمەندیەکانی زمان چین ؟



# تایبەتمەندیەکانی زمان



1ـ تایبەتە بە مرۆڤ

2ـ زمان پەیوەندیکردنە

3ـ زمان دەنگە

4ـ زمان ڕەمزی لە خۆوەیە

5ـ زمان پەیڕەو و یاسایە

6ـ زمان داهێنانە

7ـ زمان دەوروبەرە

8ـ زمان زیندووە و لە گۆڕاندایە

## 1ـ زمان تایبەتە بە مرۆڤ

مرۆڤ بەهرە و تواناى قسەکردنى تێدايە . ئاژەڵ و گيانلەبەرانى تر بەگشتى پێڕەوێکى سادەيان بۆ پەيوەنديکردن و لە يەکترگەيشتن هەيە، بەڵام لە چالاکيدا لاوازە و ناتوانن بە هۆيەوە لە ڕابردوو يان دوارۆژيان بکۆڵنەوە

## 2ـ ئامانجى سەرەکى زمان پەيوەنديکردنە

ئامانجى سەرەکى زمان پەيوەنديکردنە، کە بەهۆيەوە پەيوەندييەکى کارا دروستدەبێت لەنێوان تاکەکانى کۆمەڵ، بەمەبەستى گەياندنى زانيارى، چونکە بەهۆيەوە واتاو مەبەستى تەواو ئاڵوگۆردەکرێت

## 3 ـ زمان دەنگە



لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە زمان پێویستی بە كەناڵی دەم و گوێ هەیە و بەلای كەمەوە دەبێت قسەكەرێك و گوێگرێكمان هەبێت ، چونكە زمان لە بنەڕەتدا دەنگە و قسەكردن لەنووسین كۆنترە ونووسین هەوڵێكە بۆ تۆماركردنی قسە

## 4 ـ زمان پەیڕەو و یاسایە

هەموو زمانێك لە جیهاندا پەیڕەو و یاسای دیاریكراو و تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕیزكردنی دەنگ و وشەو ڕستەكان بە مەبەستی دەربڕینی واتای جیاواز

ـ پێڕەوی دەنگی زمان ڕێگەی ئەوەمان دەدات كە ژمارەیەكی كەمی دەنگ دووبارە بكەینەوە تاوەكو دانەی واتایی دروست ببێ وەك: دار ، مار ، شار

هەڵ +گرتن =هەڵگرتن ، ڕا +گرتن= ڕاگرتن

بكەر +بەركار+ كار ← ئازاد كتێبەكەی خوێندەوە.

# 5 ـ زمان ڕەمزە

ڕەمز چەند جۆرێکە :

أ- ڕەمزی لەخۆوە : تیایدا هیچ پەیوەندیەکی سروشتی لە نێوان دەنگ و واتاکەدا نی یە، بەڵکوپەیوەندییەکی لە خۆوەیەو بەندە بە ڕێککەوتنی کومەڵ ، بۆ نموونە وەك ناونانی ( ئەسپ ) لە کور دیدا, ( حصان ) لە عەرەبیدا, لە ئینگلیزیدا(Horse)



ب- ڕەمزی هۆیی ( سەبەبی ) : وەك ( زەرد هەڵگەران ) کەهۆیەکەی واتای ( نەخۆشی ) یان ( ترس ) دەگەیەنێ ، هەروەها سوور بوونەوە واتای ( تورەیی ) یان ( شەرم ) دەگەیەنێ .

ت- ڕەمزی وێنەیی : تیایدا پەیوەندی لێکچوونی هەیە لەنێوان هێما و و واتادا : وەك ( دەست ڕاوەشاندن ) بۆ مەبەستی ( هەڕەشەکردن ) .

## 6ـ زمان داهێنانه

ئەو قسانەی زۆر جاران مرۆڤ دەریدەبڕێت ، زۆربەیان دەربڕاوی تازەن ، هەروەك جۆمسكی دەڵێت:لە توانای مرۆڤ دایە ژمارەیەكی بێسنوور رستە دابهێنێ بێ ئەوەی گوێ ی لێ بووبێت ، بۆیە ئەو توانایەی مرۆڤی ناوناوە داهێنان

## 7ـ زمان دەوروبەره

دەوروبەر و باری بەكارهێنان مانای گوتن دیاری دەكات و واتای وشەكان دیاری دەكات

وەك : كاتێ وەڵامی پرسیاری ( سەعات چەندە؟ )ت بەرگوێدەكەوێت بە ( بانگی عەسرێ ی دایە . )

ڕاستەوخۆ ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە كە كاتی پرسیاركردنەكە دەمەو عەسرەو بەرەو ئێوارەیە .

# 8 ـ زمان زیندووه و له گۆڕاندایه

زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕاندایە، چونکە زمان بەدیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، دیاریدەی کۆمەڵایەتیش بەوە جیادەکرێتەوە کە جێگیر نییە ، بۆیە زمانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە

نموونەی چەند ڕستەیەك لە پێشەکی کتێبەکەی زمانەوان ( سەعید صدقی کابان )

(( لە جناب معلمان محترم رجا دەکەم لە بحث ضمیر انا لەگەل طلبە تۆزێ بە صبر بن لازمە دقتیان جلب بکرێ ))

جۆرەکانی زمان بەپێی پرۆسەی
پەیوەندیکردن ؟




# پرۆسەی پەیوەندیکردن

**بریتییە لە گەیاندنی پەیام و زانیاری لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) لە ڕێگەی کەناڵی پەیوەندیکردن، بەهۆی (کۆد) کە لەسەری ڕێککەوتوون.**



# ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن





- نێرەر
- وەرگر
- پەیام
- کۆد
- کەناڵی پەیوەندیکردن
- کاردانەوە
- ژاوەژاو

**نێرەر:** ئەو کەسەیە، کە پەیام ئاراستەی کەسێک یا چەند کەسێک دەکا


**وەرگر:** ئەو کەسەیە کە پەیام لە کەسێک یا لە سەرچاوەوە لەڕێگەی هەستێک یا چەند هەستێکیەوە وەردەگرێت

**پەیام :** بریتییە لە زانیاری و بیر و هەست ، نێرەر بەهۆی ڕەمز و هێما زمانییەکانەوە بەکۆدی دەکات و لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنەوە ئاراستەی وەرگری دەکات.




**کۆد:** ئەو سیستەمە زمانییەیە کە بەهۆییەوە گواستنەوەی پەیامی پێ ئەنجامدەدرێت لە نێوان کەسەکان

کەناڵی پەیوەندیکردن: بریتییە لەو ناوەندە مادییەی کە لە ڕێگەیەوە کۆدەکان ڕەوانەدەکرێت کە هەڵگری پەیامن




**کاردانەوە :** وەڵامدانەوەی وەرگرە بۆ پەیامی نێرەر، کاریگەرترین هۆکارە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەیوەندیکردن.

**ژاوەژاو: ئەو هۆکارانەن دەبنە هۆی پچڕان ونبوون و نەگەیشتنی پەیام**



# جۆرەکانی  پەیوەندیکردن



## ١ـ پەیوەندیکردنی زمانی:

ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە تیایدا دەربڕینی وشە  بەکاردێت، وشەکانیش چ بەهۆی دەنگەکانەوە بێت(ئاخاوتن) یاخود بەهۆی وێنەی دەنگەکانەوە بێت(نووسین)



## ٢ـ پەیوەندی نازمانی :

ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کە وشە تیایدا بەکارناهێنرێت، وەک زمانی جەستە و ئاماژە



## ٣ـ پەیوەندیکردنی وێنەیی :

پەیوەندیەکە تیایدا تابلۆ، نەخشە،  یاخود دیزاینی ڕەنگ یان گرافیک بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕێنماییکردن . وەک تابلۆکانی هاتوچۆ و فەرمانگەکان

# جۆرەکانی زمان

## ا- زمانی قسەکردن

**لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادەوە هەیە دوای ئەوەی ئادەمیزاد پەرەی بە ئەندامەکانی ئاخاوتن داوە بۆ مەبەستی دروستکردنی دەنگ و دەربڕینی بیرو ڕا زمانی قسەکردن هاتۆتە کایەوە .**



## ب- زمانی نووسین


نووسین بریتییە لە هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمار کردنی قسە .

دوای دروست بوونی پیت هاتۆتە ئاراوە و بۆ پاراستنی بیری ئادەمیزاد بەکار هێنراوە ، کەرەسەی زمانی نووسین پیت و کاغەزە و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێتەوە، بەڵام کەرەسەی زمانی قسەکردن هەوایەو بۆماوەیەکی کورت دەمێنێتەوە .



## ج- زمانی جەستە

بریتییە لە نیشانەکانی جەستەو ڕوخسارو ئەندامەکان ، بۆ تەعبیر کردن لەو بیرۆکەیەی لە مێشکماندا هەیە . زمانی جەستە هەموو بەشە جیاوازەکانی جەستە دەگرێتەوە کە هەڵگری پەیام و مەبەست و واتایەك بن ، هەرجوڵەو دەرکەوتنێکیش بە پێی بارو دۆخ و کلتور و ڕەگەزو کات و شوێن واتاکەی دەگۆڕێت . ڕەگەزە سەرەکییەکانی جەستەش بریتین لە (مەودای دورو نزیکی کەسەکان لە یەکترییەوە ، شێوازی دانیشتن و بە پێوە وەستان ، دەربڕینی دەموو چاو و ڕووخسار ، ئاماژەی پەنجەو دەست و باڵ.....هتد .



# زار و جۆرەکانی زار